# ماڵی بووکەڵەیەک: شێوازگەرایی لە ڕیالیزمدا

د. فازڵ جاف

سەرەتای حەفتەکان، دەکاتە سەرەتای ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەدەبی شانۆیی نووسەرە گەورەکانی شانۆی مودێرن، هەروەها نووسەرانی شانۆی ئەبسۆرد، پاشتریش شانۆی برێخت.

خوێندنەوەی بەرهەمی ئەو نووسەرانە کە دامەزرێنی شانۆی مودێرنن کاریگەرێتییەکی زۆری لە سەر دیدگای هونەری و ڕوانگەی فیکریم هەبوو، پڕاوپڕ خۆم خستبووە ناو پرۆسەی خوێندنەوەیەکی قووڵ و خەستەوە، بە پلەی یەکەمیش خوێندنەوەی شانۆنامەکانی ئیبسن و ستریندبێرگ و چێخۆڤ، ... تاد. ئەم خوێندنەوە خەست و بەردەوامە بۆ ئەو کاتی من، وەک ڕیژیسۆرێکی گەنج، بەردی بناغەی کار و ڕەوتی هونەریم بوو، ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان من و هاوڕێ و هاوپیشەکانمدا هەبووبێت، ڕەنگە ئەو خوێندنەوە چڕ و بەردەوامە دروستی کردبێت. خوێندن و گەڵاڵەکردنی ڕۆشنبیرییەکی هونەری و زەینی بۆ شانۆکار بەگشتی و ڕیژیسۆر بەتایبەتی مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی ببێت بە ڕیژیسۆرێکی کارا و پیشەمەند و داهێنەر، ئەمەیش هەمیشە ڕێنمایی و ئامۆژگاری من بووە بۆ قوتابییەکانم، لە کۆلێژەکانی هونەر.

دیارە کە ناوی شانۆنووسە ڕێبەرەکانی شانۆی مودێرن دەبەم، لە سەرووی هەموویانەوە، یان لە پێشی پێشەوە، ناوی ئیبسن و ستریندبێرگ دێنە ئاراوە، پاشتریش چێخۆڤ و بێرناردشۆ و پیراندللۆ و ئۆنێل دێن، بەڵام کاریگەریی سێ ناوی یەکەم، بۆ من و بۆ جیهانی بەرینی شانۆیش لە هەموویان بەهێزتر بوو. باشترین سەرچاوەیش دەربارەی ئەم نووسەرانە و پێناسە و شیکردنەوەی تایبەتمەندێتی و شێوازیان، کتێبەکەی ڕۆبێرت برۆستاینە بە ناوونیشانی (شانۆی شۆڕشگێرانە)، کە نووسەر و



ئیبسین

وەرگێڕی میسری عەبدولحەلیم بشلاوی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی، ئەم کتێبە هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە، کاردانەوەیەکی گەورەی لە نێوەندی شانۆی عەرەبیدا دروست کرد، هاوکات چاوی شانۆکارانی عەرەبی بۆ جیهانی دەوڵەمەندی شانۆی خاوچەرخ کردەوە.

کە باس لە چەمکی شانۆی مودێرن(شانۆی نوێ) دەکەین، دیارە ئیبسین بە پێشەنگیان دادەنرێ، پاشانیش پێگەی ستریندبێرگ دێت، منیش وەک ڕێژیسۆرێکی سەرگەرم، کە ئەو سەردەمە خولیای داهێنانەکانیان بووم، خەونم ئەوەبوو بەرهەمی ئەو دوو نووسەرە بۆ شانۆ دەربهێنم، بەڵام بەئەنجامگەیاندنی ئەم خەونە ئەرکێکی ئاسان نەبوو، هۆکارەکانیش زۆربوون، سەرەکییەکانیان ئەوەبوو، ئەم دوو ڕێبەرەی شانۆی مۆدێرن بەحاڵ لە نێوەندی شانۆیی کوردیدا ناسرابوون، دیارە شەقڵ و مۆرکی شانۆنامەکانیان شێوازێکی تایبەت لە نمایش و نواندن دەخوازێت، شانۆکارانمان لەو سەردەمەدا هێشتا ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا نەکردبوون. چوونە ناو جیهانی ئەو نووسەرانە وەک ئەوە وا بوو دەرگایەکی نوێ بکەیتەوە، بەڵام کلیلی دەرگاکە هێشتا بە کەس نەبوو.

بەشبەحاڵی خۆم، بەرەنگاربوونەوەی جیهانی پڕ نهێنی ئەو نووسەرانە و ناساندنیان بە خەڵکی لای خۆمان هۆکارێکی ئیلهامبەخش بوو، کە بیر لە دەرهێنانی یەکێک لە بەرهەمەکانیان بکەمەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەروەک پێشتریش باسم کرد، من هەر لە سەرەتاوە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، زۆرم مەبەست بوو نووسەری نوێ و ئەدەبی نوێ بهێنمە ناو بزاڤی شانۆییمانەوە.

نایشی شارمەوە کە دەرهێنانی بەرهەمێکی ئیبسین، بەر لە دەرهێنانی بەرهەمێکی ستریندبێرگ، لەو سەردەمەدا ئەندێشەی یەکەمم بوو، ئەندێشەیەک کە پاشتر بەرانبەر بە خولیایی دەرهێنانی شانۆنامەکانی ستریندبێرگ بۆڕی دا، یان هەر نەبێت لە پلەی یەکەمەوە هاتە پلەی دووەم.

ئەوەی جێگەی سەرسڕمانە ئەوەیە، کە ئەم خەونەم سەبارەت بە دەرهێنانی بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ئیبسین نەهاتە دی، بەڵام هەرچی شانۆنامەکانی ستریندبێرگە باشتر لە ناو پرۆژەی کارەکانمدا جێگەی خۆیان کردەوە، بە ئەندازەیەک تاکو ئێستا، چوار جار کاری دەرهێنانم بۆ شانۆنامەکانی ئەو نوسەرە کردووە، یەکەمیان (خەونەنمایشێک) بوو کە دوو جاران (بەعەرەبی و بە ئینگلیزی) کارم لە سەر کردووە، پاشتر (یاری بە ئاگر)، دوا جاریش کاری دەرهێنانم بۆ (سۆناتای تارمایی) کرد، هەڵبەتە ئەگەر سەرنجی جۆری هەڵبژاردنی شانۆنامەکان بدەن، بۆتان دەردەکەوێت کە زیاتر بەلای ئەو شانۆنامانەدا شکاندوومەتەوە کە ئێکسپرۆسیۆنیست(تعبیری)ن.

کاریگەرێتی ئیبسین لە سەر بیرکردنەوەم، سنووری کاریگەرێتی هونەری و تەکنیکی شانۆیی بۆ لایەنی فیکر و ڕەهەندەکانی فەلسەفە بەزاندبوو، ئەمەیش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوە و دنیابینینمەوە هەبوو، مەبەستم بیر و هزری بوونگەرایییە، کە هەر لە سەرەتاوە ئالوودەی بووبووم.

### پێگە و خەلاقییەتی تاک لەلای ئیبسین

ئیبسین بۆ من ئێستایشی لەگەڵدا بێت، یەکەم نووسەری شانۆییە کە بانگەشەی تاک و بایەخدانی بەتاک و ئازادی شەخسی کرد، ئەمە بەڵگە نەویستە و ناشمەوێت لەم نووسینەدا ئەوە بسەلمێنم، هەر بۆیەش وەک ڕابەری یەکەمی شانۆی مودێرن، ڕابەری یەکەمی دامەزرێنەری شانۆیەکی نوێی جیاواز لە شێواز و ڕێبازەکانی هەموو ئەوانەی پێش خۆی بوون، خۆی سەلماند.

جگە لە زانیارییەکانی خۆم، دوو نووسەر بە شێوازێکی جودا و تێڕوانینێکی قووڵتر سەرنجی منیان بۆ شانۆ ئیبسن ڕاکێشا. یەکەمیان نووسەر و بیرمەند و چاکسازی میسری سەلامە مووسا بوو، کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شانۆوە نەبوو، بەڵام کاریگەری بیری چاکسازانەی ئازادانەی ئیبسینی زۆر بەرز دەنرخاند. من هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە، ئەو دەمەی کە لە کەرکووک قوتابی ناوەندی بووم، لە ڕێگەی نووسینەکانی سەلامە مووساوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی" هولاء علموني" ئاشنای ناوی ئیبسن بووم، پاشتر یەکەم شانۆنامەیم کە خوێندەوە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵەیەک) بوو. ئەو دەمە تەواو کەوتبوومە ژێر کاریگەریتی کتێبەکانی سەلامە مووساوە، پێم سەیرە بۆچی بەهۆی سەلامە مووسا نووسەرێکی شانۆیی وەک (ئیبسن) ناوێک، شان بە شان بیرمەندان و فەیلەسووفان، بە مامۆستای من دەژمێرێت!

دووەم نووسەر کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی سەبارەت بە شانۆییەکانی ئیبسن دەوڵەمەندتر و قووڵتر کرد، بێرناردشۆ بوو، بەڵام بۆچوون و لێکدانەوەکانی بێرناردشۆ سەبارەت بە ڕێبازی ئیبسن بۆ من یەکێک بوو لە وێستگە گرینگەکانی تێگەیشتن لە شانۆی مۆدێرن و کۆڵەکە گرینگەکانی دراماتۆرگییەوە، هەروەها پێوەندی ئەم زانستە بە بیناسازی و ستروکتۆری درامای خێزان، کە تاکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە، نەک شاه و میر و فەرمانڕەوا و خواوەند و نیمچە خواندەکان، تێیدا پاڵەوانی سەرەکی فیگەری سەنتراڵە.

ئەوەی بۆ من کاکڵەی بوونگەراییانە بوو، ئەوەی کە ئیبسن جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە هەر یەک لە ئێمە دەبێت خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت، ئەو کەسایەتییەش سەنتەری جیهان و سەرتاسەری بوونە، لێرەشدا بیرکردنەوەی تاکەکەسی خۆی نەبێت ناکرێت کۆیلە و ملکەچی هیچ بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەک ببێت. لەلای ئیبسن، هەروەک پاشتریش لەلای سارتر و سەرجەمی بیرمەندانی بوونگەرا، مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆیە لە هەڵبژاردن، مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی دەستنیشان دەکات.

ئاشکرایە کە بێرناردشۆ سەرسەختترین هەواداری ئیبسن بوو، بە ئەندازەیەک کە ئیبسینی بە گەورەترین نووسەری شانۆیی سەرانسەری مێژووی شانۆ لە قەڵەم دەدا.

هەر لە سەرەتای هەفتاکاندا ئاشنای بیر و لێکدانەوەکانی بێرناردشۆ بووم، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەربارەی ئیبسن بوون. ئاگاداری ئەوەبووم، کە شۆ کتێبێکی گرنگی بە ناوونیشانی(کرۆکی ئیبسینیزم)، یان جەوهەری ئیبسینیزم نووسیوە. تەواوی کتێبەکە دەست نە دەکەوت، بەڵام پوختەیەکی چڕوپڕی ئەم کتێبەم بە عەرەبی خوێندەوە، ناوونیشانەکەی گەلێک سەرنجڕاکێش بوو(الابسنية في المسرح/ ئیبسینیزم لە شانۆدا)، شۆ لەم کتێبەدا جەختی لەسەر تایبەتمەندێتی ئیبسن دەکردەوە، بە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەت و جیاهەڵکەوتووی دادەنا، ئەوە هیچ کە دەڵێت پاش شەکسپیر شانۆ نووسەری لە ئیبسن باشتری بەخۆوە نەدیوە، تەنانەت ئەویشی تێپەڕاندووە. شۆ دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە کاریگەریتی ئیبسن لەسەر شانۆنووسە ئینگلیزەکان لە ئایندەدا بەهێز خۆی دەنوێنێت. ئەم بۆچوونەی شۆ نەک تەنیا بەرانبەر بە شانۆنووسانی بەریتانیا ڕاست کەوتەوە، بگرە ئەم بۆچوونە گەلێک لە شانۆنووسانی ئەورووپا و ئەمریکایشی گرتەوە، هەرچەندە ڕەخنەگران بەگشتی ناکۆکی خۆیان سەبارەت بە هەندێک لە ڕاوبۆچوونەکانی شۆ پیشان دا، بەتایبەتی کە شۆ ویستی ئیبسن وەک سۆسیالیستێک پیشان بدات، یان حاشاکردنی لەوەی خۆی لە ژێر کاریگەریی ئیبسیندا بێت، بەڵام سەرەڕای ئەم نکوڵیکردنە لەوەی کە شانۆنامەکانی بە هیچ جۆرێک لە شانۆنامەکانی ئیبسن ناچن، ڕەخنەگرن هەر بە (ئیبسینی لەندەن)یان ناوزەد کرا.

پاش خوێندنەوەی ژمارەیەک لە شانۆنامەکانی ئیبسن، بە تایبەتی ماڵی بووکەڵەیەک، هێدا گابلەر، تارماییەکان، بۆم دەرکەت کە تایبەتمەندێتی و جیاهەڵکەوتوویی ئیبسن لە دوو ڕەهەندا خۆی دەنوێنێت، خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی کەسایەتی و کارەکتەر، لەگەڵ بیناسازی توندوتۆڵی دراماتیکییانەی پەیکەربەندی شانۆنامەکانی، کە بەر لە هەموو شتێک گرێچنی باش چنراوی شانۆنامەکانی دەگرێتەوە.

ئەم دوو خاڵە بۆ ڕێژیسۆر(دەرهێنەر) لە هەموو شتێک گرینگترە، هەر ڕێژیسۆرێک ئەم دوو خاڵە فەرامۆش بکات، کارەکەی هەرچەندە بە ڕواڵەت جوان بێت، لە بنەڕەتدا لاوازە.

کەم شانۆنامەنووس هەن هەردوو ڕەهەندەکەیان بە یەک ئەندازە لەلا بەهێز بێت، هەندێک کەسایەتی بەهێز بەرجەستە دەکەن، بەڵام لە بینا و گرێچنیدا لەنگن، هەندێکیش بە پێچەوانەوە، بینا و گرێچنیان پتەوە، بەڵام کەسایەتییەکانیان لاوازە، لەم لایەنەوە ئیبسین وەستایەکی بێ وێنەیە.

ناتوانم کاریگەرێتی کتێبەکەی بروستاین فەرامۆش بکەم، ئەو کتێبانەی کە کاریگەرێتیان لە سەر دید و جیهانبینی و دیدیگای فەلسەفیانە و ئیستێتیکیانەی ڕێژیسۆرەوە هەن دەگمەنن، ئەم کتێبە بۆ من وەک کتێبی (شەکسپیر هاوچەرخمانە)ی (یان کۆت) بۆ برووک وابوو.

کام کتێب کاریگەرێتی لە سەر دیدگا و ڕوانگەی هونەری و ئیستێتیکیت هەبوو؟ ئەم پرسیارە بۆ ڕێژیسۆر زۆر گرینگە، زۆر جار ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆ ئەم پرسیارە لە ڕێژیسۆرێک دەکەم کە باس لە کاری خۆی دەکات، ئەگەر ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیریی گرنگ نەدا، دەستبەجێ لێی دەکەومە گومانەوە، جاری وایش هەبووە، هەر لە کاتی بینینی نمایشێک ڕادەی خوێندەواری و نەخوێندەواری دەرهێنەرەکەیم بۆ دەرکەوتووە، هیچ شانۆنامەیەکیش وەک ئەوانەی ئیبسین و ستریندبێرگ و چێخۆڤ ڕادەی ڕوشنبیری و ئاستی زەینی ڕێژیسۆر بۆ بینەری زیرەک ئاشکرا ناکەن.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەم ڕوونتر بێت، چەند نموونەیەک دێنمەوە:

میرهولد پاش خوێندنەوەی کتێبی "شانۆی ئاییندە"ی جورج فوکسی ئەڵمانی چەمکی جووڵە و ڕیتمی لەلا ڕوونتر و دەڵەمەندتر بوو، ئەم کتێبە سەرچاوەی زانیاری و ئیلهامی بوون.

هەمان بۆچوون وەک ئاماژەم پێکرد، سەبارەت بە کتێبەکەی یان کۆت و پیتەر برووک، ئەم کتێبە دید و ڕوانگەی ڕێژیسۆرانی سەبارەت بە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی جیهانی شەکسپیر گۆڕی، وەک یەکێک لە ڕێژیسۆرانی بەریتانیا دەڵێت شانۆی ئەم سەردەمە لە هونەری شەکسپیردا خۆی بە قەرداری یان کۆت دەزانێت.

دەکرێت کتێبەکەی (مارتین ئەسلین) شانۆی ئەبسێورد وەک نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە، کە کاریگەرێتییەکی گەورەی لە سەر ڕێژیسۆرانی ئەم تەرزە ئەدەبە شانۆییە هەیە.

## چی لە کتێبەی برۆستاینەوە فێر بووم؟

لە کتێبەکەوە فێری دوو هزری گرینگ بووم، یەکەمیان ئەوەیە، دامەزرێنەرانی شانۆی مۆدێرن کۆک نین لەسەر چەند بنەمایەکی چەسپاو، ئەوان بەرگری لە چەند یاسا و بنەمایەک ناکەن، ئەوان تەنیا کۆکن لەسەر دژایەتیکردنی چەند بنەمایەک. ئەمە بۆ تێگەیشتنی دەرهێنەر لەو نووسەرانە زۆر گرینگە، بەتایبەتیش بۆ تێگەیشتن لە ئیبسین، چونکە ئەو بەر لە هەموو شتێک یاخییەکی چاکسازە، ڕێژیسۆر دەبێت بزانێت ئیبسین دژ بە چییە، بۆ ئەوەی بزانێت دەیەوێت چی بگۆڕێت و چی چاک بکات، ئەم پرسیارە دەبێت لە هەموو دیمەنێکی شانۆنامەکە، لە هەموو کردار و یەکەیەکی نمایشەکە دووپات بکرێتەوە، ئەگەر نا، ڕێژیسۆر زەحمەتە پەی بە شادەماری شانۆنامەکەم بەرێت.

دووەم، کە پێوەندییەکی پتەوی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە، هزری یاخیبوونە، ڕاستییەکەی برۆستاین جەخت لە سەر یاخیبوون دەکاتەوە نەک شۆڕش، واتە ئەوەی کە ڕێبەرانی شانۆی مودێرن کۆدەکاتەوە و ڕەخنەی شانۆیی لە یەک خانەدا پۆلێنیان دەکات یاخیبوونی هەر یەک لەو نووسەرانەیە، ئینجا هەر یەکەو لە وڵاتی خۆی، ئیبسین لە نەرویج، ستریندبێرگ لە سوید، چیخۆڤ لە ڕووسیا...تاد.

برۆستاین دەڵێت: ئەوەی شانۆنووسانی پێش شانۆی مۆدێرنی بە یەکەوە گرێ دەدا باوەڕ(ئیمان) بوو، بەڵام ئەوەی نووسەرانی شانۆی مۆدێرن پێکەوە دەبەستێت یاخیبوونە.

وانەی ڕێژیسۆریی کە لە برۆستایینەوە بەدەستم هێنا لەلای خۆم پوختەکەیم ئاوها داڕشتووە: دەست بۆ هیچ یەکێک لە شانۆنامەکانی ئیبسین و ستریندبێرگ مەبە، بەبێ خوێندنەوەیەکی قووڵ، بەبێ ئەوەی یاخیبوونەکەیان بەرانبەر بەچی و بەکێ دەستنیشان بکەیت.

یەکەم بەرکەوتەم لەگەڵ شانۆنامەکانی ئیبسین، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خوێندنم لە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، ئەوەبوو وەک ئەکتەر پرۆڤەم لە سەر یەک پەردەی تەواوی شانۆنامەی" کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە" کرد. ڕاستییەکەی هەستم دەکرد توانایی ئاڕاستەکردنی دیمەنەکەم نەبوو، دیمەنەکە لەوەیش قووڵتربوو کە من دەرەقەتی بێم، ئەم هەستە وای لێکردم

بە هیوای ئەوە بم، ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم بەرەنگاری ئەدەبی ئیبسین ببمەوە. دەرئەنجام دیمەنەکە ئەوەند کرچوکاڵ دەرچوو، کە ئیدی داوام لە مامۆستاکەم کرد لێم خۆش بێت و لە پێش قوتابییەکاندا نمایشی نەکەم. سەیر لەوەدایە بە خۆم دەگوت، تۆ بڵێیت کەسێک هەبێت بتوانێت ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەکی شایستە بۆ شانۆ دەربهێنێت.

ئەوەبوو، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا شانۆنامەکەم لە شانۆی شاهانەی(دراماتن)ی ستۆکهۆڵم بینی، نمایشەکە ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە سادە و پوختە و کاریگەر بوو، کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، ئەو شانۆنامەیە تێکستئامێزە، بە شێوەیەکی ڕیالیستانەی شێوازگەریانە بەرجەستە بکرێت. پاش نمایشەکە بە درێژایی کات بیرم لەو هەوڵە سەرەتاییەی خۆم دەکردەوە، بیرم لەو دەکردەوە، کە ئەندێشە و ئەزموونی ڕیژیسۆری خاوەن توانایی چەند بێ سنوورە، چۆن دەتوانێت دەقێکی ڕیالیستیانە بەو شێوە شاعیرییە بەرجەستە بکات.

هەر لەو کاتەوە ئیبسین یەکێک بووە لەو نووسەرانەی کە لە ڕیپۆرتواری خەونمدا بوون، کە دەڵێم ڕێپۆرتواری خەون، ئەم دەستەواژەیە دەستکردی خۆمە، وەنەبێت لەلای کەسی دیکە بوونی هەبێت، بە کورتی هەر لە سەرەتاوە ئەو نووسەرە جیهانیانە کە ئارەزووم دەکرد پەیتا پەیتا شانۆنامەکانیان بۆ شانۆ دەربهێنم، ناویانم لەلای خۆم دەستنیشان کردبوو، بێ گومان شەکسپیر و مۆلێیر و ستریندبێرگ لە سەرووی ناوەکانەوە بوون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئیبسین پیش ئەوانیش بوو.

## بۆچی ئەم نووسەرانە؟ بۆچی نووسەرانی ئەدەبی ئەوروپایی؟

لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەم نووسەرانە شاکارن، بەرهەمەکانیان ئەو دوو ڕەهەندەیان تێدایە کە ئاماژەم بۆ کردن، کارەکتەر و بینای درامی، کە لە شانۆیی کوردیدا لاوازن، یان هاوتەریپ نین.

بۆ خۆم هەر لە سەرەتای کاری ڕیژیسۆریدا باوەڕم وابوو، کە ئەگەر بتەوێت ببیت بە دەرهێنەرێکی پیشەمەند و کارامە کار لەسەر شانۆیی پتەو و دامەزراو بکە. ڕیژیسۆر چەند ئەدەبی بەرز و شاکار هەڵبژێرێت، ئەوەندە متمانەی بە خۆی هەڵدەکشێت و ورەی بەرزتر دەبێت، چەندەیش خۆی بە دەقی کرچوکاڵەوە سەرقاڵ بکات، ئەوەندە متمانەی هونەریی بە خۆی کەم دەبێت.

## شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەیەک

شانۆنامەی ماڵی بووکەڵەیەک لە هەردوو ڕووەوە، لە ڕووی کەسایەتی و بینای درامییەوە، تەواو سەرنجی ڕاکێشابووم، ئەمە جگە لەوەی کە شانۆنامەکە کێشەیەکی ئینسانی گەلێک قووڵ چارەسەر دەکات، کە کێشەی ستەمدیدەیی و بێ ئیختیاری ئافرەتە، هەرچەندە ئیبسین وەک خۆیشی لە چەند بۆنەیەکدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، کە بەرگریکردنی ئەو لە ئافرەت وەک مەسەلەیەکی ئینسانییە، بەدەر لە بانگەشەی ڕێکخراوەکانی مەدەنی، یان فێمێنستەکان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هەر چۆنێکیش لێک بدرێتەوە، شانۆنامەکە لەم ڕووەوە سەدایەکی گەورەی هەبوو و زۆر دەنگی دایەوە، لە یەکەم جاری نمایشییەوە تاکو ئەمڕۆ بە چەندان جۆر و لێکدانەوە و شرۆڤەی جیاوازەوە، تەنانەت بە چەندان جۆرە دەستکاری کردنیشەوە بەردەوام لە سەر شانۆ بەناوبانگەکانی جیهاندا نمایش دەکرێت.

ئەگەر هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ماڵی بووکەڵەیەک کورت بکەمەوە، دەڵێم سەرەڕای گرنگی دەقەکە و پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی، جەختکردن لە سەر تاک و توانایی تاک و بەرپرسیارییەتیی تاک بەرانبەر بە خودی خۆی، ئینجا وەک ڕیژیسۆر دەمویست توانایی خۆم لە ئەدەبی شانۆیی ئیبسیندا تاقی بکەمەوە، بەتایبەتی کە شانۆنامەکە بوارێکی گەورە بۆ ڕیژیسۆر فەراهەم دەکات، تا بە قووڵی کار لەگەڵ ئەکتەردا بکات.

دەبوایە ماڵی بووکەڵەیەک لە دەرەوەی تیپی نواندنی سلێمانی کاری تێدا بکرێت، چونکە نمایشی دووڕەگ ئەوەندەی بەسەردا تێ نەپەڕیبوو، بۆیە نەدەکرا سێ بەرهەم لەسەر یەک لە هەمان تیپدا پیشکەش بکەم، لە کۆتاییدا بیروڕام لە سەر هۆبەی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی گیرسایەوە.

ئەم هۆبەیە بۆ هونەر، بە هەموو لکەکانییەوە، تەرخان کرابوو بۆ شانۆ، مۆسیقا، شێوەکاری، لە هەموو بوارەکانیشدا ڕاهێنەری باشی هەبوو، کە کاریان لەگەڵ قوتابییەکان دەکرد، بە بەرهەمی هونەری باشیش بەشداری فیستیڤاڵەکانی زانکۆکانی سەرتاسەری ئێراقیان دەکرد و ئاکامی باشیشیان بەدەست دەهێنا.

هۆکارێکی دیکە کە وای لێکردم زانکۆ بۆ ئەم کارە هونەرییە هەڵبژێرم، ئەوەبوو کە خۆم لە زانکۆ کارم دەکرد، پێم باش بوو لە سنووری کارەکەی خۆمدا چالاک بم، هەروەها پێشم باش بوو کە تا بۆم دەکرێت ئەکتەرەکان و بەشداران لە چوارچێوەی زانکۆدا هەڵبژێرم.

ئەوەبوو تەنیا بۆ ڕۆڵی تورڤالد هێلمار (جیهاد دڵپاک)مان لە دەرەوەی زانکۆ دەستنیشان کرد، ئەویش لە بەر ئەوەی زۆر بە تاسەوە دەیویست پاش (پردی ئارتا) بە ئەزموونێکی دیکەی نواندا تێپەڕێت، بە تایبەتی لە ڕۆڵێکی وەک ڕۆڵی تورڤالد هێلماردا، هەرچی بۆ ڕۆڵەکانی دیکەبوو، هەموویان لە ناو زانکۆدا بوون. ئەوەبوو بۆ ڕۆڵی نۆرا، عالیە مەحەمەدئەمین، پاش سەرکەوتنی لە شانۆیی(دووڕەگ)دا دەستنیشان کرا، کە ئەو کات هێشتا لە زانکۆی سلێمانی قوتابی بەشی سۆسیۆلۆجیا بوو، سمکۆ عەزیز بۆ ڕۆڵی گروشتاد، کە ڕاهێنەری شانۆیی بوو لە هۆبەی ڕۆشنبیری و هونەر، ئەحمەد سالار بۆ ڕۆڵی دوکتۆر ڕانک، کە ئەویش لە هەمان هۆبەدا ڕاهێنەر بوو.

تێکستی شانۆنامەکە لە وەرگێڕانێکی عەرەبییەوە، حەمەکەریم عارف، لە سەر داخوازی من وەری گێڕایە سەر زمانی کوردی. ڕاستییەکەی زمانەکەی سادە و ڕەوان بوو، هەر لە کاتی خوێندنەوەی یەکەمدا زمانی وەرگێڕانەکە کێشەی نەبوو، ئەمە هەرچەندە کە لە زمانی دووەمەوە کرابوو بە کوردی، بەشبەحاڵی خۆم، تەنانەت لەو کاتەشدا ئەگەر لەبەر ناچاری نەبێت، پێم وابوو وەرگێڕانی ئەدەبی دەبێت هەمیشە لە زمانی یەکەمەوە بێت، ئەگەرنا دەبێت لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا باشترە بەراورد بکرێت.

پاش یەکەم خوێندنەوەی سەرتاسەری تێکستی شانۆنامەکە، دەستم بە کارکردن کرد، لەسەر دیمەنەکانی نورا و هێلمەر.

وەک ڕیژیسۆر ئەرکی سەرەکی خۆم لە پلانی نواندندا دەبینی، ئەرکی خۆم لەوەدا دەستنیشان کردبوو، کە کار لە سەر وێستگەکانی کەسایەتییەکان بکەم، بە پلەی یەکەم کەسایەتی نورا، ئینجا کەسایەتی هێلمەر، پاشانیش بە پلەی دووەم کەسایەتی گروشتاد و ڕانک.

ئەوەی ئەو کات لە (ستانیسلاڤسکی)یەوە تێی گەیشتبووم و فێری ببووبووم، چۆنیەتی دەستنیشانکردنی هەست و هەڵچوونەکان بوو، وا دەهاتە پێش چاوم، کە هەر لە دۆخەکانی هەست و هەڵچوون، هەر بارێکی ئیحساسی وێستگەیەکن، دەبێت جودا جودا بکرێتەوە، جەختی لەسەر بکرێت و بەڕوونی بەرجەستە بکرێت. ئەکتەر دەبێت بزانێت چۆن هەستەکانی خۆی تاووتو بکات، وەک چۆن ستانیسلاڤسکی کە باس لە ئەزموونی خۆی لە نمایشی ئۆتیللۆ دەکات، بە ڕوونی باس لە تاووتوکردن و پۆلێنەکردنی ئەو هەستانە دەکات. ئەم بۆچوونە تەنیا تێگەیشتنێکی ڕووت نەبوو، بگرە تەکنیکێک بوو بۆ کارکردن و بەرجەستەکردن. بۆ ئەو کات تێگەیشتنی ئەم تەکنیکە بۆ من گرنگ بوو، دەمزانی ئەگەر دەرهێنەر بتوانێت بەم میتودە کار بکات، ئەوە دەتوانێت دەستی ئەکتەر بگرێت، دەتوانێ سیمای بەهێزی کەرەکتەرکان تۆختر ڕەنگرێژ بکات، ڕیژیسۆر بەم تەکنیکە دەتوانێت هونەری ئەکتەر لە پرۆسەی دەرهێناندا بکات بە داهێنانی بناغەیی، بەڵام نایشارمەوە ئەو سەردەمە، ئەوەندە شارەزای میتودی زنجیرەی کردارە سەرەکییەکان نەبووبووم، بەو شێوەیەی کە ستانیسلاڤسکی باسی لێوە دەکرد، کە لە بنەچەکدا گرینگترین میتود و کەرەستەیە بۆ ڕیژیسۆر، بۆ بەستنەوەی زنجیرەی کردار و ڕووداوەکان، لەم ساڵانەی دواییەدا کە باشتر ئاشنای قوتابخانەی ستانیسلاڤسکی بووم، بەتایبەت لە میانەی ساڵانی خوێندنم لە ڕووسیادا بۆم دەرکەوت کە زنجیرە کردارەکانی ناو شانۆنامەکە و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی کەسایەتییەکانیش دەبێت بە وردی دەستنیشان بکرێن و بە شێوەیەک تاووتو بکرێ کە تێکەڵاوی یەکدی نەبن، هاوکات هیچیشیان لەوی دیکە دانەبڕێن.

ئەوەی من دەمویست لە ماڵی بووکەڵەیەکدا لەگەڵ ئەکتەرەکان ئەنجامی بدەم، دەتوانم پوختەکەی بەم شێوەیە دابڕێژم: دەستنیشانکردنی بارودۆخە دەروونییەکانی ئەکتەر، ئینجا دۆزینەوەی کەرەستەی گونجاوی دەربڕین.

لە ماڵی بووکەڵەیەکدا یەکەم جار بوو بیر لە میتودی ئیمپرۆ(ئیرتیجال) بکەمەوە، بەڵام ئیمپرۆ لە چوارچێوەی تێکستدا، چونکە باوەڕم وابوو، ئێستایش هەمان باوەڕم هەیە، کە ئیمپرۆ لە چوارچێوەی تێکستی کلاسیک و شارکارەکاندا، دەبێت لە چوارچێوەی تێکستدا بێت، دەنا ئەگەر ڕیژیسۆر باوەڕی بەم بنەما گرنگە نەبێت، باشتر وایە دەست لە تێکستی شانۆیی ڕاستەقینە هەڵگرێت، هەر بە ئیمپرۆ و مەشقی ڕۆژانە، بەرد لە سەر بەرد،

خشت لە سەر خشت، بە کاری هەرەوەزی تێکستێک بۆ نمایشەکە دابڕێژێت، ئینجا ئەم شانۆنامەیە چەند پتەو و تۆکمە دەردەچێت، چەند قووڵ و مانابەخش و ئاست بەرز دەردەچێت، چ زمانێکی ئەدەبی دەگرێتەوە، بەشبەحاڵی خۆم گومان هەیە لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەرێنی بن.

پێم وابوو ئەکتەرەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەها و ئازادانە میتودی ئیمپرۆ بەکار بەرن، باشتر وایە پاش خوێندنەوەی یەکەم و پێش ئەوەی دەست بە جووڵە بکەن، تێکستەکەیان لە بەر بێت، هەر جارەی دیمەنێک، یان بەشێک، پێش پرۆڤەکردن لەبەر بکرێت، من نازانم ئەم شێوازە چەند بە کەڵکە، ئەوەندە دەزانم ئێستا وا کار ناکەم. ئەو کات بە شێوەیەکی جیاواز بیرم دەکردەوە، پێم وابوو، ئەکتەر بۆ ئەوەی فۆرمی دەبڕینی گونجاو بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕووی جەستەوە بە شێوەیەکی ڕەها گوزارە بکات، دەبێت تێکستەکەی لەبەر بێت، باشتر وایە دەستی والا بێت و هیچ کاغەز و نووسینێکی بەدەستەوە نەبێت. هەندێک هەن لە ڕێژیسۆرانی پابەندی تێکست، ئەم میتودە بە باش نازانن، بەڵام لە قۆناغی دواتر بۆم دەرکەوت، کە ڕێژیسۆریش هەن بەم شێوەیە کار دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە ڕەهەندی جەستەیی و دیدەیی دەدەن.

## پێوەندی نمایش بە ئێستاوە

کارکردنی بەم شێوەیە لە سەر تێکست، واتە تێگەیشتنی تێکست بەدەم پرۆڤە و داهێنانەوە، بە ئیمپرۆی بەردەوام، کاریگەرترە لەوەی کە دەرهێنەر هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمدا خۆی وا پیشان بدات کە کلیلی هەموو شتێکی پێیە، یان سووک و ئاسان بە ئەکتەرەکان و گرووپی کارەکە بڵێت: برادەران شانۆنامەکەمان باس لەوە و لەوە دەکات.

هەموو نمایشێکی شانۆیی کە لە دایک دەبێت لە ئێستادا لە دایک دەبێت! شانۆنامەی ڕاستەقینە، هەموو سەردەمێک بە مەرج و لێکدانەوە و هەناسەی خۆی زیندووی دەکاتەوە، بە جەستە و زەین و کەرەستەکانی دیکەی دەربڕین و بەرجەستەکردن زیندووی دەکاتەوە و دەیکات بە نمایش لە ئێستادا، واتە بە داهێنان و قووڵبوونەوە، نەک بە کەرەستەی کرچوکاڵ و ئاماژەی ڕاستەوخۆی بۆش و بێ ناوەڕۆک. هەر لە پرۆڤەکانی سەرەتاوە، پێم وابوو کە ئیمپرۆ باشترین میتودە بۆ گەیشتن بە چەمکی ئێستا. ئمپرۆ کاریگەرترین کەرەستە و ئامرازە بۆ ئەرکی باڵای نمایش، ئەو ئەرکەی کە نمایش دەکات بە زادەی ئەمڕۆ، ئەو ئەرکەی کە ستانیسلاڤسکی پێی دەڵێت: سوپەر ئەرک، واتە ئەم نمایشە بۆچی لەم کۆمەڵگەیەدا و لە ئێستادا؟

پرۆژەی بە ئێستاکردنی ماڵی بووکەڵەیەک وای لێ چاوەڕوان دەکرا، لە ڕێگەی قووڵبوونەوە و تێگەیشتنی بەردەوامی تێکستەکەوە بێت، بێ ئەوەی وا پێویست بکات، تورڤالد هێلمەر بکەین بە کارمەند لە یەکێک لە بانکەکانی سلێمانی، نۆرایش لە یەکێک لە خێزانەکانی شاردا ببێت بە کابانی ماڵەوە.

هەردوو ئەکتەر عالیە محەمەد ئەمین و جیهاد دڵپاک توانایی خۆیان خستە گەڕ، تا بۆیان کرا تێکستەکەیان خوێندەوە و لێی قووڵ بوونەوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژیش بۆمان دەرکەوت کە پرۆژەکە چیدی بەرەو پێشەوە ناڕوات، هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە هەڵبژاردنی زانکۆ بۆ بەرهەمهێنانی نمایشەکە، هەڵبژاردنێکی گونجاو نەبوو، بەرهەمێکی جیددی و قورسی لەو جۆرە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی زانکۆدا جێگەی نەدەبووەوە، بەرهەمەکانی زانکۆ پتر بۆ فیستیڤاڵەکان دەگونجا، هەرچی شانۆنامەکەی ئیبسین بوو، کارێکی جیددی و زەینی و هونەری بوو، بۆ ئەو شوێنە دەستی نەدەدا.

بۆیە ناچار بووین پاش چەند پرۆڤەیەک لەسەر دیمەنەکانی سەرەتا، لەگەڵ عالیە محەمەد ئەمین و جیهاد دڵپاک، پرۆژەکە بەلاوە بنێین، لە بری ئەوە خۆمان بۆ پرۆژەیەکی دیکە ئامادە بکەین، پرۆژەی شانۆنامەی (جیهان لە سەر شانۆیەکی بچووک)دا کە بە ناوی زانکۆی سلێمانییەوە لە زانکۆی بەسرە، بەشداری لە فیستیڤاڵی زانکۆکانی ئێراقی کرد.